کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 18:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ خەبات لاوباخ!؟ ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی

رونکردنەوەی بی بەڵگەکار لەگۆڕان ناکات، نێچیرڤان بارزانی وەك چاومان دەپارێزین!!



کاتێك ئەمەوی مرۆڤێك باس لە ئازادی بیرو ڕا بکات کە ژیاننامەی خۆیشی بڵی تاکو بزانین ئەو تاچەند ئازادی داوە بە ماڵ و کەسی نزیکی خۆی ئەوکات خۆیشی بتوانی مەوداکانی ئازادی شی بکاتەوەو ڕەخنە لە ڕۆژنامەنووسان بگری و بێتە ناو شەڕێکی نەکردەو نەخوازراو، یان کە خۆی باس لە مەدەنیەت و ئازادی ئەکات بەڵام بەقەد ئەوەی نوسیویەتی نازانی چۆن شیان بکاتەوە بڵی ئازادی شانی وایە باڵی وایە لە کوردستان وا دەبینری، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی منە کاتێك لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردستان نێت چاوم خشاند بە رونکردنەوەی کاك خەبات لاوباخ بینیم ئەو بی ئەوەی شارەزایی هەبی لەسەر بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەی خەڵك لەراپرسیەکەی رادیۆی نەوادا دەنگیان پی ی دا کە باشترین کابینە کابینەی پێنجەمی حکومەت بوە لەسەرجەم کابینەکانی تر دەنگی زیاتری هێنا، جیا لەوەش رێزدار نێچیرڤان بارزانی ئەوەی بیەوی ئەیکات و وەك هەندی لێپرساوو ناچی دەیان راگەیاندن ببات تاکو لاف و گەزاف لێبدات بڵی من وام بۆ میللەت کردووە، یان ئەوەتانی خزمەتەکانی ئەو بەرچاون کە چی مناڵی فەقیرو هەژاری ئەم وڵاتە هەیە کە نەخۆشی درێژ خایەنیان هەبوە لێرە چارەسەر نەکراون لەسەر مەسروفاتی شەخسی خۆی نێردراون بۆ هەندەران و ئیتر دواتر چاکبونەوەو، ئەمە قسەی هەندێك لەکەس و کاریانە کە بەردەوام خۆشیان دەوی وەك بیلبیلەی چاویان، وەیا هەرکەسی هانای بۆ بەرێز سەرۆکی حکومەت بردبی ئیتر فەرامۆش نەکراوەو دەرگای هاوکاری بۆکراوەتەوە، کاتی تازە قەڵەمێك بەناوی سارا بابەشێخ ئەیەوی پێی بڵی تا دەست لەکار بکێشێتەوە بی هیچ بەڵگەیەك ئیتر ئەوە ئیهانەی نوسین و لەق کردنی کاری ڕۆژنامەگەری نیە، چاك وابوو سارا بابەشێخ وتبای پێویستە جێگری سەرۆکی حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە نەك سەرۆکی حکومەت، کە سارا زۆر بەهەڵە داچووە جێگری لی بۆتە سەرۆك، کە نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە کاتی کە سەربازێکی ئەمریکی لە عێراق کارێکی خراپ یا دیاردەیەکی نابەجی ئەکات یا گەندەڵیەك ئەکات دژی یاساو ڕێسای سەربازی وڵاتەکەی خۆیەتی، ئیتر بۆ ئەبی بە جۆرج بۆش بڵێین دەست لەکار بکێشێتەوە، کە ئەم وڵاتە هەزاران خەڵکی خراپ و دەیان خەڵکی باشی تێدایە سارا نەدەبوو چاك و خراپی تێکەڵ بکردبایە، من ئەزانم سارا ئەم نوسینەی بۆ نوسیوە تاکو ناوی پی دەربکات دەنا نەم بیستووە قەڵەمێك هەبی بەناوی سارا کاری ڕۆژنامەوانی کردبی تاکو سارابەڕۆژنامەنووس ناوزەد بکەم و بەو پیرۆزیە بانگی بکەم، کە نوسینەکانی سارا هیچ مۆرکێکی ڕۆژنامەوانیان تیادا نیە بەڵام چونکە کچە بۆیە نوسینەکانی بڵاو ئەبنەوە چونکە لەم وڵاتەدا ئەزمەی قەڵەمی کچە.

من نازانم سارا بە چ مەنتیقێك ئەنوسی و ڕەخنە ئەگری کە بی بەڵگە ئەیەوی سەر لە جەماوەر بشێوێنی، دەنا من بەڵگەم پێیە کە جێگری سەرۆکی حکومەت خاوەنی چەندین خانوو کۆشکە لە شوێنانی وەك (سلێمانی دووخانووی قەبارە گەورە کە مەزەندە دەکرێت بە چەند دەفتەر دۆلار، لە هەولێر لە خانویەکی گەورەدایە کی ئەڵی ئەویشی نەکریوە، وە لە قەلاچوالان باڵەخانەیەکی دروست کردوە نزیك جسرەکە، وە لە شوێنی باوك و باپیریشی لە ماوەت خاوەنی خانویەکی زۆر گەورەیە، ئەوانەی من تەنها دەیان زانم ئیتر لی ئەگەڕێم بۆ خوێنەر کە زانیاری تریان لابی لەسەر شتی تر با بەیانی بکەن، جیا لەوەی بۆ هەر خانویەك دەیان پاسەوان هەن جیا لە باخچەوانی تایبەت و خەدامەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چایچی و چێشت لێنەر ئەی ئەمە گەندەڵی نیە، ئەی بۆ سارا بابەشێخ نەیتوانی ڕەخنە لە کاك عومەر فەتاح بگری کە نیوەی بودجەی حکومەت مەسروفاتی خۆیەتی لەسلێمانی، کە جادەی دوکان بۆ سلێمانی ئێستا جێگری سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی ئەکات من ئاگادارم چەندین کۆمپانیای سزا داوە بەڵام ئەوە بە چی ئەچی دوای ماوەیەك بۆی دەرچوون، دەبوایە سارا روی قەڵەمی لە جێگری سەرۆکی حکومەت ناباو پێی وتبا پارەی دروست کردنی ئەو خانوو ڤێللا یانەت لە کوی بوو ئایا ئەوە پارەی میللەت نیە ئیتر ئەو دەست لەکار بکێشێتەوەو دادگایش بکری، کە زۆر پێشمەرگەی دێرین و بنەماڵەی شەهیدانی حزبەکەی و ئەنفال کراوەکان موچەکەیان بەشی بژێوی ژیانیان ناکات ئەویش بەناوی بەرپرسیاری یاقۆ و ماقۆ بە پارەی میللەت ئەکات، کاك خەبات لاوباخیش نەدەبوایە ئێمەی بە دوژمنی کورد وەسف بکردبایە چونکە ئێمە کوردین و قەتیش وڵاتمان جی ناهێڵین ناشی گۆڕینەوە بە هەموو وڵاتانی هەندەران، بۆیە کاك خەبات تۆش بی بەڵگە ناتوانی ببیە پشتگیری کەری قەڵەمی سارا بابەشێخ چونکە بانگی مەحەمەد بەئاشکرا خۆشەو میللەتیش بەڵگەی دەوی، چونکە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی تاکو ئێستاش خانویەکی تاپۆی نیە بەناوی خۆیەوە بەڵکو ئەو شوێنەی ماڵی ئەوی تیادایە شوێنی بینایەی رژێمی گۆڕ بە گۆڕی یدام حسێنە ئیتر گەر سەرۆکی حکومەت خانوی تاپۆی نەبی چۆن ئەبی پێی بوتری دەست لەکار بکێشێتەوە دەبوایە جێگری سەرۆکی حکومەت دەستی لەکار بکێشابایەوە چونکە هەموو خانوەکانی من بەچاوی خۆم بینیومن و چومەتە ناویان کە چەند دیکۆراتێکی تێدایە، بۆیە کاك خەبات رونکردنەوەی بی بەڵگە کار لە گۆڕان ناکات و سەرۆکی حکومەتیش وەك چاومان دەپارێزین!

Mhmad200770@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.